# زیانێکی دی جگەرەکێشان

رۆژنامەی Upsala Nya Tidning ی سویدی ئەنجامی ئامارێکی نەخۆشخانەی ئاکادیمیای شاری ئۆپسالای بڵاوکردوتەوە و لە مەڕ ئامارەکەوە نوسیوەیەتی کە : زۆرجاران هۆی (نزیکەی نیوەی) شکاوی ئێسکی پیاوی گەورەساڵان دەگەڕێتەوە بۆ جگەرەکێشان .

ئامارەکە 2300 پیاوی لە خۆگرتبوو ، تەمەنیان لە نێوان 50=77 ساڵاندابووە و ناوبەناو بە مەبەستی کۆنترۆڵی باری تەندروستییان سەردانی نەخۆشخانەیان کردووە .

پسپۆرانی بەشی شکاوی و ئێسکی نەخۆشخانەی ناوبراو دەبێژن کە ئەنجامی توێژینەوەکانی ئەم 10 ساڵەی دووایی ئاماژە دەکەن کە جگەرەکێشان هۆی نزیکەی نیوەی سەرجەمی ئەو شکاویانەیە کە تووشی گەورەساڵان بووە .

مەترسی شکاوی لە پیاوی جگەرەکێشدا 3جاران زێدەترە وەك لە کەسانی دی و ناسراوترین جۆری شکاویش بریتییە لە شکاوی ئێسکی رانەکان .

**سەرچاوە**

1. www.dagensmedicin.se © 050701 09:45.